هەواڵگری سەربازی دەستگیرکردنی سێ تیرۆریستی داعشی ڕاگەیاند

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی ڕایگەیاند کە سێ تیرۆریستی داعشی لە بەغداو نەینەوا دەستگیرکردووە.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە کە:- لە چەند ئەپراسیۆنێکی جودادا وپاش بەدەستهێنانی زانیاری ورد لەلایەن هەردوو لقی سەربە فیرقەی 16و 17 وبە هاوکاری لەگەڵ هەواڵگری و هێزێکی هاوبەش لەهەردوو لیوای 75 و 92 و کەتیبەی فیرقەی 17 وبەبەشداری لەگەڵ دژەتیرۆری مەحمودیە توانرا 3 تیرۆریستی داعش دەستگیربکرێن کەداواکرابوون بەپێی مادەی چواری دژەتیرۆر.

وتیشی ئەوتیرۆریستانە لەگەڵ کەلوپەلەکانیان ڕەوانەی لایەنی دادوەری کران و ڕەکاری یاسایی دژیان وەردەگیرێت.